# بەڕێزان پارتە سیاسیەکانی بەشدار لەم هاوپەیمانیە سەرجەم هێزە سیاسی یەکانی کوردستان و عێراق ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و قوربانیانی دەست ڕژێمی بەعسی فاشی

لە سەرەتادا پیرۆز بایی ڕوخانی ڕژێمی بەعستان لێ دەکەین، بە ئاواتین بۆ هەتا هەتایە سەرکوت و ئیستبداد لەم وڵاتەدا لە گۆڕ نرێت و حزبی بەعسی فاشی یاساغ بکرێت و ڕێگە لە کاری سیاسی هەموو ئەوانە بگرترێت لە ڕابردودا بەشێك بونە لە داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس. بە ڕێزان ئەو پارتە سیاسیانەی لەم بانگەوازەدا ناوتان هاتوە لە کاتێکدا ئێمە ئاگادارین پارتە سیاسی یەکانی ئێوە قوربانی دەست ڕژێمی فاشی بونە ناوی ئێوە لەم بانگەوازە لە پال ناوی نەزار خەزرەجی دەبینین سەرمان سورە مێنێت لە کاتێکدا ئەو لە دادگا هەڵاتوە لە دانیمارك بە تاوانی بەژداری کردنی لە ئەنجام دانی جینۆساید کردنی کورد. هەرچەندە ئێمە پشگیری داخوازنامەکەتان دەکەین لە هەمان کاتدا داواتان لێ دەکەین بە پەلە ڕەخنە لە خۆتان بگرن و ناوی خۆتان هەلگرن لە پال ناوی نزار خەزرەجی و لە ئایندەشدا کاری سیاسی لەگەل کۆنە بەژداران لە دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس ڕاگرن. متمانەمان پێتانە وەلام بە داواکاری یەکەمان دەدەنەوە و ئەم هەلە سیاسیە دوبارە ناکەنەوە.
http://www.chak.info

سەنتەری هەلەبجە چاك ٢٠-٤

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت